**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/١٠/٩ ئەم یاسایەی پەسەندکرد:

**یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، پێویستە ڕێکسازییە یاسایی وکارگێڕیی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد تەواو بکرێت وهەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٢):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٣):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی و بەرجەستەکردنی پرەنسیپی بەردەوامی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، و گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە بەردەوامیی پیادەکردنی دەسەڵاتەکاندا، و بۆ تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و جێمتمانە، و دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاک و بێگەرد، و ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبارتر بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پیادەکردنی مافەکانی خۆپاڵاوتن و دەنگدان، و فەراهەمکردنی هەلومەرجی ڕکابەری یەکسان لەنێوان هەمووانددا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

| |
|---|
| یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. |